# مریشکە سورە

چیرۆکی فۆلکلۆری

مناڵان



# مریشکە ســــــوورە

## چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ منالآن

١٩٧٨

کۆکردنەوەی

د. هیـوا عمر احمد

بەرەزامەندی وەزارەتی ڕاگەیاندن لەچاپ دراوە

---

چاپخانەی ڕاپەڕین - سلیمانی - شەقامی کاوە

پێشکەشە بە

## چوار جوانەمەرگەکەی پێناوی هونەری ڕەسەنی کوردی

ڕۆلە کارزان      ئێمە دیلی دەستی غەمین
ڕێبوار ، ئازاد      یا لە کاروانی ماتەمین
ڕۆلە فرمان      لەگەل فرمێسکا هاودەمین
بۆمان دەگرین سەماوزەمین

کاتێ کە خوێن ڕژا بەسەر
کەمان و تۆ گۆردیۆن
گریان هەموو
بولبول گریا
گڕو ئارار بوون بە چیا
بوون بەنەورۆز لەدلمانا
هۆ منالە شەهیدەکان
خۆتان بەخت کرد لەپێناوی هونەرمانا

[ بوێژی )

# مریشکه سوره



ڕۆژێ لەڕۆژان مریشکێــکی پەڕسوری
خنجیلانە وجوجکەکانی لەناوەدانی یاخی دەبن و
لەچەنکەلێکدا کولانەیەك بۆخۆیان دروست دەکەن
وجێنشین دەبن .

مام ڕێوی‌یەکیش کەڵەو نزیکانەوە موشەی نێچیرێ دەکات . ئەمان بەدی دەکاو دەمی بزیان ئاوی تێ دەزێو بڕیار دەدات مریشکەکەو جوجەڵەکانی بکات بەچەند ژەمێکی چەوروبەتام لەکولانەی مریشکە سورە نزیك دەبێتەوەو خۆی بەهاوڕێیان نیشان دەدات .. هەرچەندە مریشکە سورەو جوجەڵەکانی لەسەرەتادا لێی دەسڵەمێنەوە بەڵام هێندە بەفێڵو تەڵەکەسازی‌یەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکاو بەگوفت شیرینی مریشکەی دل پاك وجوجەڵە ساواکان لەخشتە دەبات ، کەبەهەڤاڵێکی فریا دیدەو دڵسۆزی خۆیانی بزانن .

ماوەیەك لایان دەمێنێتەوەو پاش ماڵ ئاوایی کردن دەچێتەوە لانەکەی خۆی‌و تەگبیری ڕۆژی ئاینده دەکات ، کەبەچ پیلانێ ڕاویان بکات .
ڕۆژی ئاینده بەرەو مەڵبەندی کولانەی مریشکە

سوره ، وەرێ دەکەوێ و دەکەوێتە بەجێ هێنانی پیلانەکەی . . سڵاوو چاك و خۆشی لەمریشکەو جوجەڵەکان دەکاو بەچیچکانەوە بەهێمنی لایان دادەنیشێ و چاوەڕوانی هەلێك دەکات هەڵمەت بباتەسەر ژەمی ئەو ڕۆژەی . هەل هەڵدەکەوێ و مریشکەسوره . دەچێتە کولانەکەوە ، کەمێ خۆراك بهێنێت بۆ میوانە نوێیە دڵسۆزەکەیان مام ڕێویش هەڵمەت دەباتە سەر ئەو جوجکە قەڵەوەی لەدەمێکەوە پارێزی لێ کرتووە . . خرپی دەکاو لێـدەدات دەڕوا و لە مەڵبەندی مریشکە سوره دووردەکەوێتەوە . .

لەم هەرایە مریشکە سوره دێتە دەرەوە کە دەبینێ میوانەکەی دیارنیەو جگەر گۆشەکەی بزره . . تەڵەکەی ڕێویەکەی بۆئاشکرا دەبێ و . . بیرلە خۆپاراستن و تۆڵە دەکاتەوە . .

پرسی -

جامن چ بکەم ، چیم بۆ دەکرێ ؟

مام هۆمەر وەڵامی دایەوە : -

( سبەینێ لەگەڵ سپیدەی بەیاندا من دێمە ئێرەو بەخۆم و تەورداسەکەمەوە لەپاڵ ئەودرەخت و کولانەیەدا خۆم دەشارمەوە . کاتێ مامڕێوی دێت ، زۆر بەقسەی خۆشەوە پێشوازی بکە و گەرداوای جوچکی کرد ، ئـــامادەیی خۆتی بۆ دەربڕەو بەزمانی لوسەوە فریوی دەبا لەگەڵتــا دەست بکرێ و هەرکاتێ ویستت من بێمە مەیدانەوە گۆرانییەك بڵێ کە نیشانەی هاتنە دەرەوەم و ( خەریکی ) مام ڕێوی بێ . ئێستەش کات درەنگە و زۆر کارم لەپێشە بـــۆیە ناچارم تا سبـەینێ بەجێتان بهێڵم ) .

ئەوشەوە هێجگار درێژبـوو لای مام ڕێوی

کەدەیویست بەیانی زووێ‌و نێچیرێکی دیکەی نۆش بکات ، هەروەها درێژبوو لای مریشکە سورەو مام هۆمەری دڵ پڕلەتۆڵە . .

لەگەڵ تاریك‌و ڕووندا مام هۆمەر لەسەر بەڵێنی خۆی گەیشتە لای مریشکە سورەو باش چاك‌و باشی کردن لێیان ، لەپشت کولانەکەوە خۆی مەڵاس دا ، دوای کەمێ ، بێ‌شەرمانە مام ڕێوی دەرگای بەمریشکە سورە کرت‌و ووتی :

مریشکە سورەی خۆمانە بت خۆم بەم ددانانە
یا ئەم دەیە ، ئەوجوچکانە

مریشکە سورە لەسەر پیلانەکەی مام هۆمەر ڕۆیشت ، تالەگەڵ مام ڕێویدا کەوتنە هەڵپەڕکێ وچەن جاران ووتی : -

کەدەیویست بەیانی زووێو نێچیرێکی دیکەی نۆش بکات ، هەروەها درێژبوو لای مریشکە سورەو مام هۆمەری دڵ پڕلەتۆڵە . .

لەگەڵ تاریکو ڕووندا مام هۆمەر لەسەر بەڵێنی خۆی گەیشتە لای مریشکە سورەو پاش چاکو باشی کردن لێیان ، لەپشت کولانەکەوە خۆی مەڵاس دا ، دوای کەمێ ، بێشەرمانە مام ڕێوی دەرگای بەمریشکە سورە کرتو ووتی :

مریشکە سورەی خۆمانە　　بت خۆم بەم ددانانە
یا ئەم دەیە ، ئەوجوچکانە

مریشکە سورە لەسەر پیلانەکەی مام هۆمەر ڕۆیشت ، تا لەگەڵ مام ڕێویدا کەوتنە هەڵپەڕکێ وچەن جاران ووتی : -



پشیلە زەردە

داپیرە ئافرەتێکی پیرەژنی بەســالا چووی وەجاخ کـوێری نەرم‌و نیانی دڵ ناسـك بوو لە خانوویەکی قوڕدا دەژیا .. چەند سەر مەڕێکی هەبوو ، هەموو بەیانیان دەیدۆشین‌و شیرەکەی کۆدە کردەوەو ئامادەی دەکرد بۆئەوەی بیکا بە ماست‌و بیفرۆشێ بەدراوسێ کەی‌و بـەنرخەکەی بژێوی ئەوڕۆژەی مسۆکەر بکا .

ڕۆژێك لە ڕۆژان پشیلە زەردە ، کە لەماڵی داپیرەدا لانەی کـردبوو ، حەزی دەچێتە سەر شیرەکەو بۆهەلێـك دەگەڕێ دەستی خـۆی لێ بوەشێنێت . . لەو کاتەی داپـیرە خەریك دەبێ بەناڵیـك دانی مەڕەکانی‌یـــەوە ، پاش ئەوەی شیرەکە لەقازانێکـــدا لەدالانەکەیاندا دادەنێ‌و لەکەنێکی مسی دەکات بەسەردا ، پشیلە زەردە بەرەو قازانەکە دەچێ‌و چۆڕی لێ‌دەبڕێ‌ولەکەنە

مسەکە وەکو خۆی بەسەر قازانەکەوە دەکاتەوە
وتێی دەتەقێنێ دەچێتە دەرەوەو بزەی سمێلیشی
دێو باسی ژەمە خۆشەکەی ئەم بەیانی‌یەی بۆ
هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە . سەرەنجام پشیلەزەردەی
سپلە بەوکارە فێردەبێو چەن ڕۆژانێ ئەم کارە
دووبارە دەکاتـەوە ، تا داپـــیرە وەڕس دەبێو
بەیانی‌یەك پاش مەڕدۆشـــین ، لەنزیك قازانە
شیرەکەوە خۆی دەشارێتەوەو داسێکیش بەدەستەوە
دەگرێو چاوەڕوانی ( دز ) ە کە دەکات تاسزای
بدات وماف خۆی لێ بستێنێتەوە . پشیلە زەردە
لەسەر نوکی قامکی پێ ی ، زۆر بەووریایی لە
قازانەکە نزیك دەبێتەوەو خەریك دەبێ لەکەنەکە
لابدا ، داپیرەی بۆدەردەپەڕێو بەداسەکەی کلکی
پشیلە زەردە دەپەڕێنێ پشیلەکەش لەبەرکێسانی
خۆی هێندەی بۆدەکرێ بەپەلەقاژێ خۆی قوتار

بکاو کلکە کولە براوەکەی وەجێ هێلێ . .

کاتێ پشیلە زەردە وەك ڕزڕانی دیکە دەچێتە نێو هاوڕێ پشیلەکانی . . لێی دەکەنە کارێ ، کەمەست بەتاوانباری خۆی بکاو لەوکارە بودەلەیی‌یەی پەشیمان بێتەوە . زۆر بەمل کەچی وچاوزمی‌یەوە دەچێتە لای داپیرەی بەبەزەیی‌و داوای ( کلکەقولە ) ی دەکانەوە وپەیمانی پێ دەدات کەئیدی سپلە نەبێ بۆخانەخوێ کەی . ..

دایە پیرەش پێی دەلێ : ( بچۆ لای بزنان شیرم بۆ بهێنە تا کلکەقولێت پێ بدەمەوە ) .

پشیلە دەچێتە لای بزنان‌و پاش گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی بۆیان داوای یارمەتی‌یان لێ دەکات . بزنەکانیش دەلێن : ـ ( شیرمان لەگواندا نی‌یە تا لەوباغچەیە گیامان بۆنەهێنی )

پشیلە زەردە ، ملی ڕێی باغچەکە دەگرێ‌و

کاتێ بەباغەوان دەکات ، سەرگوزشتەی خۆی بۆدەگێڕێتەوەو داوای گیای لێ دەکات ، باغەوانیش پێی دەڵێ : ( گەردەتەوێ گیات بدەمێ ، بچۆ لەوکانی یە داوای ئاو بکە بۆباغچەکەم )

پشیلەکە هانا دەباتە بەرکانی و داوای ئـاوی لێ دەکات بەڵام کانی یەکە پێی دەڵێت : ـ ( گەر ئاوت دەوێت ، بچۆ گرۆیە کیـژی جوان گاز بکە لەسەرم چۆپی بکەن تا ئاوم تێ بزێ )

پشیلە زەردە دەچێتە لای دەستەی کیژانی نازدارو ، کارەکەیان پێ رادەگەیەنێو داوای یارمەتی یان لێ دەکات ، کیژەکان وەڵامی دەدەنەوە : ( کەتا کەوشی سورمان بۆ نەهێـنی لای کەوش دروستکەر نایەین لەکەڵت بۆچۆپی کردن لەسەر کانی یەکە ) .

پشیلەکە دەچێتە لای کەوش دروست کەرو

کاتێ بەباغەوان دەکات ، سەرگورشتەی خۆی بۆدەگێڕێتەوەو داوای گیای لێ دەکات ، باغەوانیش پێی دەڵێ : ( گەر دەتەوێ گیات بدەمێ ، بچۆ لەوکانی‌یە داوای ئاو بکە بۆباغچەکەم )

پشیلەکە هانا دەباتە بەرکانی‌و داوای ئاوی لێ دەکات بەڵام کانی‌یەکە پێی دەڵێت : - ( گەر ئاوت دەوێت ، بچۆ کرۆیە کیژی جوان گاز بکە لەسەرم چۆپی بکەن تا ئاوم تێ بزێ )

پشیلە زەردە دەچێتە لای دەستەی کیژانی نازدارو ، کارەکەیان پێ رادەگەیەنێ‌و داوای یارمەتی‌یان لێ دەکات ، کیژەکان وەڵامی دەدەنەوە : ( کەتا کەوشی سورمان بۆ نەهێنی لای کەوش دروستکەر نایەیێ لەگەڵت بۆچۆپی کردن لەسەر کانی‌یەکە ) .

پشیلەکە دەچێتە لای کەوش دروست کەرو

ئاودەڕێتە ناوکانیو ئاودەکاتە باغچەکەو باغەوان کیا دەدات بەپشیلە بیبات بۆبزنەکانو بزنەکانیش شیری دەدەنو دەیبات بۆداپیرە داپیرەش کلکە قوڵە بەمۆ دەینێتەوە بەشوێنـــی جارانی پاشوی پشیلە زەردەوە .. پشیلە زەردەش دوای دەربڕینی پێزانینی بۆداپیرە ، دەچێتەوە ناو هاوڕێـکانی بە دڵ خۆشیو شادی‌یـــەوە وبەڵێن دەدات ئیدی بەدنمەك نەبێ .

چەپکێ گوڵو چەپکێ نێرگز
مەرگتان نەبینم هەرگیزاوهەرگیز